باس



نیهاد جامی

# نامەکانی عەشق

## یان ترپە عاشقانەکانی دڵی فروغی فەروخزاد



بۆ ناسین و خوێندنەوەی ڕوانینی شیعریی شاعیرێک پێویستمان بەوە دەبێت ئەو مەعریفەیە پێمان نامۆ نەبێت کە شاعیر بەر لە پرۆسەی نووسین چۆن سەیری دنیای کردووە، ئایا نووسین تاچەند لە دەرەوەی گریمانە سەپێنراوەکانی ژیانی بووە بەسەریدا؟ ئەو کاتانەی لەڕێگەی ئەو جۆرە پرسیارانەوە بمانەوێ شاعیرێک بناسین، ئەوا دەبێت پەنا بەرینە بەر ڕاستگۆترین ئەو چرکە ساتانەی کە شاعیرەکە تیایدا ژیاوە، بەڵام ئاخۆ ئێمە چ بەڵگەو دیکۆمێنتێکمان دەکەوێتە بەردەست کە حەقیقەتمان لێ نەشارێتەوە و دەسخەڕۆمان نەدات؟ بۆیە دەگمەن ڕێک دەکەوێت

بەڵگەیەکی ئەوتۆمان بکەوێتە بەردەست بۆئەوەی شاعیرەکە وەکو خۆی بناسین، بەڵام ئەو نامانەی خانمە شاعیری ئێرانی فروغی فەروخزاد یەکێکە لەو بەڵگە دەگمەنانەی کە هەرگیز رۆژێک لە رۆژان بەخەیاڵیدا نەهاتووە کە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ بکرێت، کتێبەکە سێ قۆناغی جیاوازی شاعیر دەگرێتە خۆی، قۆناغی یەکەم تیایدا پەروێز و فروغ عاشقی یەکترین، شاعیرەکە وەک هەر کچێک خەون بەوە دەبینێت بە خۆشەویستەکەی بگات و لە ماڵە باوان رزگاری بێت، ئەو هەست کردنە بە تەنیایی و چاوەڕوانیکردن لەناو ئەزموونی شیعرییدا تەواو رەنگی داوەتەوە، ئەوەش پەیوەندی بەو ئاستەوە هەیە فروغ تەنیا لە ناو پرۆسەی نووسین ممارەسەی ئەزموونی شیعریی ناکات، بەڵکو لای ئەو ئەزموونی خودێتی ژیانیش هەر ممارەسەکردنێکی شیعرییە، بۆیە نایەوێ وەک هەر کچێکی کۆمەڵگا بژییێت و ئەو نەریتانەی کە خێزان لەکاتی بەشوودانی کچەکانیان دەیسەپێنن، فروغ لە نامەیەکدا بۆ پەروێز ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شتانە هیچ سوودێکی ئەوی تیانییە، ئەوەش رەتکردنەوەیەک نییە لەبەر ئەوەی سەرنجی خۆشەویستەکەی رابکێشێت، بەڵکو گرفتی ئەو کێشەیەکی ئیرۆسییە کەلەیەکێک لە نامەکانیدا لە دێرێکدا بۆی دەنووسێت "حەز ئەکەم ئەوەندە بچووک ببمەوە، هێندەی باڵندەیەک ئەو کات بفرم و بێم بۆ لای تۆ"

**حەز ئەکەم ئەوەندە بچووک ببمەوە، هێندەی باڵندەیەک ئەو کات بفرم و بێم بۆ لای تۆ"**

ئەو دێرە نهێنییەکی گەورەی تیایە بۆ ناسینی فروغ لە ئەزمونی عەشقدا، بۆیە ناکرێ بەئاسانی بەسەریدا باز بدەین، بەڵکو پێویستمان بە تەئویل کردنەوەی ئەو دێرە دەبێت، بەوەی کاتێ هەست دەکات بەهای ئەو بە ئاوێنە و مۆمدانێکی گران زیاد ناکات، چونکە ئەوانەی ئەو مەرجە دەسەپێننە سەر ژیانی کچەکانیان لەڕاستیدا دەبێ دەستبەرداری کامەرانی کچەکانیان بن، ئەو نایەوێت کامەرانی لە ئاوێنە و مۆمدان

**ئێمە چەند بێچارەین کە تاکو ئێستا توانیومانە لەم لانەی گەندەڵیەدا ژیان بەرینە سەر**

بسـەپێنێ بۆ سـتـایشکردنی لـەناو کۆمـەڵگا، چونکە ئەو سـتـایشکردنە سـەرزەنشت کـردنەوەی خـۆیەتی، بەوەی دەسـبـەرداری ئارەزووە خـودیەکانی خـۆیەتی، بۆیە ئەو لەبڕی گەورەبوونی وێنەی خۆی لەناو خێزان و کـۆمەڵگا، حەز بەوە دەکات بەشێوەیەک بچووک بێتەوە.. هێندەی باڵندەیەک، بوونە باڵندەیی بەمـانای بەهەند وەرنـەگرتنی تەواویی کـۆمـەڵگا و دەوروبەر، ئەوەی بەلایەوە گرنگ بێت تەنها دۆستەکەیەتی، بۆیە لە باڵندەیی بوونی دەتوانێ بفرێت و بچێتە لای دۆست.

چوون بۆ لای دۆست بەمـانای بنیـاتنانی ژیانێکی نوێ کـە لـەناو نامـەکـاندا ئـەزمـوونی مـاڵ ئاماژەیەکی زمانەوانی نەبینراوە، کە لەو قۆناغەدا زۆر بە بایەخەوە فروغ کاری بۆ دەکات، ئەوەش چەندە بێزاربوونە لەو ئاژاوەیەی نێو مـاڵی باوان کـە سـیـسـتـمێکی نێر سـالاریی لەسـەر بنەمـای سـەرکـوتکردنەوەی ئارەزوو درووست بـووە، بە هەمـان شـێـوە چوونە نێـو مـاڵێکی نـوێ مـانای وەدەست کـەوتنی ئارامـی و ژیانێک لە بڕی سـەرکوتکردنی عـەشق بـنیـاتی سـیـسـتـمـەکەی بێت، بەڵام تاچەند ئەو ماڵە نوێیە حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتییە بە تایبەت بۆ شاعیرێک کە هەمیشە خەون بە ئایندەوە دەبینێ، دواجـار وەهمـێکی شـیـعـرە لەنـاو یۆتۆپیـای زمـانـدا بنیـات نـراوە نەک حـەقیـقـەتێک بێت، چونکە لەنێوان زمـان و حـەقیـقـەت ڕەهـەندێکی کراوە هەیە کـەنـایەڵێ بەیەک بگەن، ئەوەش ڕەهەندی یۆتۆپیـە، لـەهەر شـوێنێک ئەو دوانـە تەسلیـمـی ئەویتـر بـوون، مـانای دەسبەردار بوونی ئازادیەکانی خۆیەتی، تەسلیمی ئەویتر دەبێت، لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی زۆربەی جار زمـان خۆی تەسلیمـی حەقیـقەت دەکات بۆئەوەی شـوناسـی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لەدەست نەدات، چونکە تەسلیم بوونی حـەقیـقـەت بە زمـان بەمـانـای ئێـمـە مـاڵێکمـان هەیە تاکە بونیـادێک تـیـایدا ئامـادەیی هەبێت بەختـەوەرییـە، هەر ئەوەش دەبێ ببێـتـەوە بـە شـوناسـی(مـاڵی ئێمـە) ئەوەش ماڵێکە هیچ نەریت و ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتی ناهێنێتە ناو خۆی، هەمـوو ئەوانەی شـونـاسـی کـۆمــەڵایەتی و ئابوری دەبەخـشـنـە خـێـزان بەناچاری دەبێ دەسـبـەرداریـان بێت و سـەرلەنوێ مـانای تر بـەو شـوناسـە ببـەخـشـێت، بەڵام گـەر فروغ بەو شـێـوەیە سـەیری چەمکی شـوناس بکـاتەوە، ئەوا پـەروێز بەو شـێـوە یۆتۆپیـە ئامـادە نـیـیـە دەسـبـەرداری پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیەکانی بێت، ئەو بەردەوام دەیەوێ لە دەرەوە کار بکات و ئابوری ماڵەکەی بەو شێوەیەی هـەر پیـاوێک دەیەوێ ڕێک بخاتەوە، بەڵام ئـەوە لەسـەر سـەفەرکردن و دوورکەوتنەوەیە لە مـاڵ، ئەو کـاتانەی لێشـی دوور دەبێت ئیـدی حیکایەتی کـەسـە نزیکەکـانی لەسـەر فـروغ دەست پێ دەکـات، یەکـەمین بەدحـاڵی بـوونی عـەشق و ئینتـیـمـاکردن بـۆ ناو کـۆمـەڵگا لێـرەوە دەست پێ دەکـات، مەبەست لەو ئینتیمایە شکاندنی ئەو وێنە فانتازیایەی زمـانە کە پێشـتر ئاماژەمـان بۆ کرد، هـەر لەو قـۆنـاغـەدا فـروغـی شـاعـیـر دەناسین، باسـی چـاپکردنی کـتێبـەکەی دەکـات، ئـومـێدی ئەوە بە

هاوسەرەکەی دەدات دەتوانن داهاتی کتێبەکەی سوودی لێ وەربگرن بۆ کاروباری ماڵەوە، چونکە ئەو ئامادەیە هەموو قوربانییەک بدات تەنها بۆ ئەوەی ئەو وێنەیەی بۆ بەختەوەری لەخەیاڵی خۆی وێنای کردووە بێتە دی، بۆیە لە نامەیەکدا دەنووسێت" پەروێزی ئازیزم، سوێندت دەدەم بەخواو بەو شتەی لات پیرۆزە وەرەوە، من بەرادەی پێویست تەمێ بووم، جگە لە تۆ هیچی ترم ناوێ، پەروێز، پەروێزەکەم، ئێرە ماڵی منە، ئێمە چەند بێچارەین کە تاکو ئێستا توانیومانە لەم لانەی گەندەڵییەدا ژیان بەرینە سەر، دایک و باوکم لەبەر چاوی من دەمانچە بەرووی یەکترییەوە دەنێن، من دەترسم، من شێت دەبم، من ناتوانم ئەو شتانە ببینم، پەروێز ئەم حاڵەی من بەهەند بگرە. من پێویستم بە تۆیە"

دواجار ئەو دوو عاشقە لە یەکتری جیادەبنەوە و ژیانی هاوسەرییان کۆتایی دێت، ئەوەش کۆتایی هاتنی ئەو ماڵەی ناو زمانە کە یۆتۆپیای عەشق بەرهەمهێنەری بوو، بەلام رۆحی هاوکاری و پەیوەندییان بۆ یەکتری کۆتایی نەهاتووە، فروغ هەست بەو راستییە دەکات کە پەروێز نزیکترین کەسی ژیانیەتی، مەرجیش نیە کەسە نزیکەکان تەنها لەماڵێکدا کۆببنەوە، لەگفتوگۆی نامەکانی فروغدا هەست بەوەش دەکەین کە پەروێز نەیویستووە پیاوێکی تورەو شەرانگێز بێت، بەلام خێزان و کۆمەڵگا وازیان لێی نەهێناوە، دەنا ئەو دوای جیابوونەوەش هەموو جۆرە هاوکارییەک پێشکەشی فروغ دەکات، ئەگەر فروغ نەشیتوانی بێت چاکەی ئەو بداتەوە، بەلام شیعرێکی بۆ نووسیوە و لەکۆتایی شیعرەکە دێرێکی نووسیوە کە دیارە ئەوەشی وەک نامەیەک سەرەتا بۆ پەروێز ناردووە، کە نوسیویەتی" ئێستا دەزانیت چەندم خۆش دەوێیت و چەندە پەشیمانم"

شیعرەکەش بەناوی (گەرانەوە) یەو نووسیویەتی "پێشکەشە بە هاوسەرەکەم" یانی ئەو دوای جیابوونەوەش تەنیا پەروێز بەهاوسەری خۆی دەزانێت، شتێک کە لە کۆتاییدا پێویستی بە ئاماژەکردن بێت ئەوەیە کە ئاخۆ فروغ لەرێگەی ئەو شیعرەوە ویستوویەتی بۆ لای پەروێز بگەرێتەوە یاخود  تەنیا وەک سوپاسێک بۆی نووسیوە؟ ئەوەشیان لە وەستان لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو شاعیرە دەبێ بە جێگەی پرسیار و رەخنە، بۆ شیعرەکەی ناو دەنێ گەرانەوە؟ ئەی بۆ دەنووسێت پێشکەشە بە هاوسەرەکەم؟

هەڵبەتە ئەو مەبەستی لەو کارە ئەوە نییە کە بگەرێتەوە بۆ لای پەروێز ، بەڵکو مەبەستی لە پێشبینیەکە کە گەر شیعر و رۆحی یاخیبوون نەبوایە، ئەوا ئەو دەبووە ژنێکی بەختەوەر، چونکە بەهەموو بریارو فەرمانەکانی پەروێز رازی دەبوو، ئەوساکە نە ئێمە شاعیرێکی یاخی و تازەگەرمان بەناوی فروغی فەروخزاد دەناسی و وە نە ئەو نامانەش دەنووسران و خۆشمان بەکتێبێک سەرقاڵ دەکرد کەناوی بنێین" یەکەمین ترپە عاشقانەکانی دڵم".